زانكۆی گەرمیان
University of Garmian

# كێشەكانی خوێندكاران لە زانكۆی گەرمیان "كۆلێجی پەروەردە وەك نمونە "

**سامان بهمن حمید**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان

**پوختە**

هەر دام ودەزگایەكی فێركاری بێ كێشە نییە ، چونكە ڕۆژانە مامەڵە و سەودایان لەگەڵ مرۆڤدا هەیە ، زانكۆ وەك دامەزراوەیەكی پێگەیاندن و ناوەندێكی زانستی و سەرەكی كۆمەڵگە كە ئەركی پێگەیاندنی كادیرە بۆ سێكتەرە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگە دیارە بێ گرفت وكێشە نابێت ، بۆیە ئەم توێژینەوە بەناونیشانی(كێشەی خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان"كۆلێژی پەروەردە وەك نمونە".ئامانجی ئەوەبوە كە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەوە گرنگترین ئەو كێشانە بخاتە ڕوو كەلای خوێندكارانی كۆلێژی پەروەردە بون بەكێشە و دواجار هەوڵی چارەسەكردنیان بدرێت لەلایەنی پەیوەندیدارەوە كە سەرۆكایەتی زانكۆی گەرمیانە.نمونەی توێژینەوەكە پێكهاتوە لە(118) لە هەردو رەگەزی (نێرو مێ)لە هەرچوار قۆناغی خوێندارانی هەر(10) بەشەكەی كۆلێژی پەروەردە.كە بەشێوەی نمونەی(هەرەمەكی سادە)وەرگیراون.وە ئەو میتۆدەی كەلەم توێژینەوە كاری پێكراوە بریتیە لە(پەسنی رووپێوی). گرنگترین ئەنجامەكانی بریتین لە هەردوو ڕەگەز ( نێر ، مێ ) وەرگرتنیان لە زانكۆ و بواری پیسپۆڕیان بە ئارەزووی خۆیان نەبووە ، هەروەها بواری زانستی هەموو بڕگەكانی بە گرفت دەستنیشان كراوە ، بۆنمونە نەبوونی سەرچاوەی زانیاری ئەلكترۆنی ، نەزانی زمانی بیانی . هەروەها بواری شیاوییەكانی مامۆستای زانكۆ هەموو بڕگەكانی سەركەوتووبووە ، هیچ بڕگەیەكی نەبووە بە كێشەی فێرخوازان . هەروەها ئەوپێشنیارانەی خراونەڕوو بریتین لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی هاوشێوە، بەڵام لەسەر ئاستی سەرجەم زانكۆكانی هەرێمی كوردستان، بەمەبەستی زانینی گرفتەكان لە زانكۆكانی دیكە . كاركردن بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی وەرگرتنی خوێندكاران كە لەگەڵ سەردەمی ئێستامان گونجاوبێت .

كلیلی وشەكان: كێشە،خوێندكار،زانكۆ.

## بەشی یەكەم/ ناساندنی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوەكە Problem of the Research:-

لەبەرئەوەی توێژینەوەكەی ئێمە تەرخانە بۆ ئەو كێشانەی كە لە زانكۆكاندا رووبەرووی خوێندكاران دەبێتەوە،وە دەبنەمایەی لاوازكردن و سستی و ناچالاكردنی رۆڵی خوێنكار و دورخستنەوەی لە ئەركە سەرەكیەكەی خۆی كە خوێندن و فێربوونە، هەوڵدەدەین دیارترین و بەرچاوترین ئەو كێشانە بخەینە روو كەبە شێوەیەكی گشتی رووبەری خوێنداران دەبێتەوە لەجیهاندا و بەتایبەتی لای خوێندكارانی ئێمە لە هەرێمی كوردستان و زانكۆكانی كوردستان.( هەركۆمەڵگەو دەوڵەتێك هەوڵدەدات لە رێگەی چەندێتی و زانیاری و داتاو توێژینەوانەی ئەنجامی دەدات چارەسەری گونجاو بۆ كێشەكانی بدۆزێتەوە) ( عزیز،2017 : ل 248) واتە دەوڵەت رۆڵێكی سەرەكی دەگێرێت لە چارەسەركردنی ئەو كێشانە بە سود وەرگرتن لەو داتاو زانیاریانە لە رێگەی توێژینەوە زانستیەكانەوە دەستی دەكەوێت. (ژیانی زانكۆیی بەزۆری پشت بە پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندكار دەبەستێت و دەبێت ئەو پەیوەندیە ئەرێنی بێت و لێوان لێوبێت لە سۆزو خۆشەویستی و متمانەی دولایەنە،چون ژیانی زانكۆیی بە تەنها كتێب و نمرەو وەرگرتن نیە،بەڵكۆ كارێكردنی پۆزەتیڤیانەی نێوان مامۆستاو فێرخواز لەلایەك و نێوان فێرخوازان خۆیان لەلایەكی ترەوە،لە رێگەی تێكەڵبون و پێكەوە ژیانەوە كەسایەتی فێرخواز دادەرێژێت و تواناكانی گەشە دەكەن.ئەم پەیوەندیانەش كاردانەوە لەسەر نمرەكانی فێرخواز دەبێت،ئەم جۆرە پەیوەندییەش هەروا لە خۆیەوە دروست نابێت،بەڵكو پێویستی بە جۆرێك لە نەخشەدانانە لە

نێوان مامۆستا و فێرخوازدا،ڕادەی سەرکەوتنی ئەم پەیوەندیەش بەندە بە ئاستی تواناکانی مامۆستا و شێوازی مامەڵەکردنی هەروەها ڕادەی خەسڵەتە پۆزەتیڤەکانی فێرخواز،وێرای ئاستی و ئەو کێشانەی فێرخواز بەدەستیانەوە گرفتارە،لەو کێشانەش،کێشەی دەرونی وکێشەی جەستەی و کێشەی خوێندن و کێشەی کۆمەڵایەتی و هەروەها کێشەی دارایی.( راشد،2007:ل68-69) ئەمە زیاتر ئەو کێشانە بوون بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەم زانکۆکانی دونیا بە ڕێژەیی جیاواز روبەرووی خوێندکاران دەبێتەوە.هەروەها خوێندارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش بێبەش نین لە بەشێك لەوکێشانەی کە باسمانکردن بۆ زانکۆکانی دوینا،لە کوردستان(بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی و ئابوری و بوونی جەنگ و دانەمەزراندن و گرانی و سەرجەم ئەو کێشەو قەیرانانەوە کە روبەروی کۆمەڵگەکەمان بوەتەوە) (علی، 2016: ل3) وەك دەبینیین لە کوردستان ،زۆر کێشە هەن کە دەبنە هۆی لاوازی و ساردکردنەوەی خوێندکار و کەمی ئارەزوی بۆ زانست و زانیاری.چون لە دیارترین ئەو کێشانە کە رووبەرویان دەبێتەوە.باری ئابوری و گرانی و دانەمەزراندن و هەروەها ئەو دۆخە سیاسیە کە بەرۆکی سەرجەم کۆمەڵگەی گرتوەتەوە،هەروەها کێشەی زۆر نزیك لە خوێندکارەکانەوە زیاتر بۆ ئەو سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران دەگەڕێتەوە،کە هەندێك خوێندکار لەو بەشە وەرناگیرێن کە ئارەزووی دەکەن.ئیتر ئەمە دەبێتە مایەیی ئەوەی گرنگی بەخوێندن نەدەن لەو بەشەی کە لێی وەرگیراون،هەروەها کێشەی زانینی زمانی تر جگە لەزمانی دایك،کە ئەمەش وادەکات خوێندکار نەتوانێت سود لەهەموو سەرچاوەیەك وەربگرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی زانست و زانیاری،

### گرنگی توێژینەوەکە Importance of the Research : -

ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەدا زیاتر جەختی لەسەرکراوەتەوەو خراوەتە روو.بە شێوەیەکی دیارو روون.قسەکردنە لەسەر رۆڵی زانکۆ بۆ خوێنکارو هەروەها رۆڵی زانکۆ لە کۆمەلگەو دواجار رۆڵی خودی خوێندکار لە زانکۆدا.چونکە(دامەزراوەی زانکۆ وەك یەکێك لە دامەزراوە گرنگەکانی دونیای مۆدێرن پەیوەندیەکی گرنگی بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری و تەکنۆلۆژیاو کۆمەڵگاوە هەیە،پرۆسە زانستیەکانیش لەسەر بنەمای خواست و پێداویستە یکانی کۆمەڵگە دادەرێژێت.( اصغر و أناری ،1388: ص 101) کەوابوو رۆڵی زانکۆ بۆ سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگەو لە ناویشیاندا بۆ خوێندکار گرنگە.چونکە(ژینگەی زانکۆو خوێندکار دوو رەگەزی کاریگەرن لەسەر کلتور لە کۆمەڵگادا،هەروەها بەشداری گرنگ لە رێکخستن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگادا دەکەن،کاریگەری گرنگ و ئەرێنی زانکۆ وخوێندکار لەسەر کۆمەڵگە چالاکردنی شوناسی راستەقینەی خوێندکارە (سلمان پور، جواد،1384:ص 49 ) هەروەها زانکۆ و کۆمەڵگە پەیوەندیەکی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە،چەند کۆمەڵگە دەیەوێت کاریگەری خۆی دابنێت لە سەر نەخشەو فەلسەفەی زانکۆکان،زانکۆش زیاتر و بە فراوانتر رۆڵ و کاریگەری خۆی شۆرکردۆتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەو دامودەزگاکانی و هەموو ئەو کایانەی کە لەهەناوی کۆمەڵگەدا بونیان هەیە.(لە هەموو شوێنێکی دونیادا زانکۆکان دابڕاونین لە دەورەبەریان،بەڵکو زانکۆ کایەیەکە لەناو کایەکانی تری کۆمەڵگا بە چەندین هێڵ و پەیوەندی زۆر جیاوازەوە بەیەکەوە بەستراون،واتە لە کۆی دامودەزگاکانی حکومەت بەیەکەوە وەك تەونێکی ئاڵۆزکا و چنراون بەیەکدا،هەروەها جەمسەرەکان هەموویان بەیەکداچون لە کۆتایدا شانەیەکی ئۆرگانی زیندووی لێدروست بوە،بە شێوەیەك کاریگەری بەرچاو لەسەر یەکدی دادەنێن.( عومەر، 2015: ل21).دەبینین زانکۆ رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە هەم لەسەر خودی خوێندکار و چۆنیەتی پەرەپێدان و تواناکانی و ئامادەکردنی وەك تاکێکی سەرکەتوو بۆ کایەیەکی تایبەت لە ناو کۆمەڵگەدا،هەروەها بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی و رۆڵی بەرچاوی هەیە لە سەر کۆی ئەو کایانەی لەناو کۆمەڵگادا هەن و،بەشێوەیەکی دینامێکی ئاراستەیان دەکات.

### ئامانجی توێژینەوە The Aims of the Research:-

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ئەو کێشانەیە کە رووبەرووی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان دەبێتەوە.(کۆلێجی پەروەردەی وەك نموونە)وەرگیراوە.

**سنوری توێژینەوەکە :**

سنوری توێژینەوەکە کورت دەبێتەوە بۆ ئەو دەرخستنی ئەو کێشانەی رووبەرووی خوێندکارانی کۆلێجی پەوەردەی زانکۆی گەرمیان دەبێتەوە.

ناساندنی چەمکەکان Definitions of Terms :

کێشە ( Problem The) :

کێشە (بریتیە لە دۆخی گومان و ڕاڕایی،شانبەشانی دۆشدامان و دودڵی ،زاڵدەبن بە سەر مرۆڤ و چالاکیەکانیدا،وە پاڵی پێوە دەنێن بۆ بیرکردنەوە،بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك،کە بتوانێت ئەو دودڵییە نەهێڵێت و بگەڕێتەوە دۆخی هاوسەنگی خۆی) ( ناصر، 2014:ص69)

یان بریتەلە(( دۆخی بایەخدان یان ڕاڕاییەکی ڕاستەقینە یان دروستکراو،وە چارەسەری پێویستی بە بیرکردنەوەی پێچەوانە هەیە)).( امین،2010:ص609)

کێشە:The problem)) لە فەرهەنگی(Good)دا هاتوە بە مانای هەر هەڵوێستێکی گرنگ یان شێواو یاخود هەر ڕێگرییەکی ڕاستەقینە یان دروستکراو کە پێویستی بە چارەسەرکردن و بیرکردنەوە هەیە.( عزیز:250)

یان بریتیە:لە کەم و کوڕییەك رووبەروی شتەکان دەبێتەوە،زۆرجار کێشە بەهۆی ڕێگرییەکەوە دروست دەبێت و دێتە ڕێی ئامانجێك و ناگەیت بەو ئامانجە،کەبەهۆی خوویەکەوە مرۆڤ لەسەری ڕاهاتوە،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە دودڵی و پەرێشانی بکات،وە پاڵی پێوە دەنێت بۆ چارەسەری کێشەکەو ڕزگاربوون لەو تەنگەژەیە(ناصر،2014:ص69).

خوێندکاری زانکۆ :

خوێنکاری زانکۆ: خوێندکار:پێناسە دەکرێت بەوەی یەکێك لە دەروازەکانی بەڕێوەبردنی ژینگەی زانست و زانیاری،بەڵام گرنگرین دەروازەکانی پرۆسەی پەروەردەیی بە بێ خوێندکار ناتوانێت زانست و زانیاری بە ئەنجام بگەیەنێت.( خملە،2014: ص61).

قوتابیانی زانکۆ ((ئەو چینەن کە لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ پێکدێن و ڕۆشنبیرییەکی ئەکادیمی لە زانکۆ بەدەست دەهێنن و پێدەگەیەنرێن بۆ ئەوەی بتوانن لە دوا قۆناغی دەرچوون ئەرکی وەزیفی خۆیان لەکۆمەڵگادا بە جێبگەیێنن وە بتوانن لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی خۆیاندا سەرکردایەتی بکەن)).( حوێز، صابر، سالح،2017: ل691).

زانکۆ: باڵاترین دامەزراوەی فێرکاری و پەروەردەییە کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەپێدانی کلتورو تواناسازی کۆمەڵدا هەیە،هەروەها زانکۆ ئەو دەرفەتە دروست دەکات تاوەکو مرۆڤەکان بتوانن ئاگایی بەرانبەر بەخۆیان پەیدا بکەن،لە پرۆسە سیاسی و کلتوری وئابوری و ئایدۆلۆژیەکان باشتر تێبگەن.( عباس،1388:ص35).

یان بریتیە لە بەرهەمهێنانی زانست و بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی زانست ،هەروەها پەروەردەکردنی کەسانی پسپۆر و شارەزاو لێهاتوو لە کایە جیاوازە زانستیەکاندا(محمد،1374:ص80)

خوێندکاری زانکۆ:

((ئەو کەسانەن کە لە قۆناغێکی خوێندنی دیارکراو دەخوێنن و پەیڕەوی پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا دەکەن لەو بوارانەی بۆ خۆیان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی نمرەکانی قۆناغی(12) وێژەیی و زانستی هەڵیان بژاردووە چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کە ڕۆڵێکی باش بگێرن بۆ بەرەو پێشبردن و چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە دوا ڕۆژدا)).( سەمین،ل374-375).

یان((مەبەست لە خوێندکاری زانکۆ سەرجەم ئەو کچ و کورانە دەگرێتەوە،کە لە پاش قۆناغی ئامادەیی دێنە زانکۆو تێکرا بۆ ماوەی(4-6)ساڵەبە پێی کۆلێژو بەشە پسپۆرییە جیاوازەکان دەخوێنن)).( حسین،2015:ل206)

بەشی دووەم: چوارچێوەی تێوری توێژینەوە

تایبەتمەندیە گشتیەکانی خوێندکاری زانکۆ:

خوێندکاری زانکۆ مرۆڤێکە بە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردندا تێدەپەڕێت،چونکە ئەو لە کۆتایی قۆناغی هەرزەکاریدایە،ئەوە ئەگەر تێنەپەڕاندبێت بۆ قۆناغێکی تری گەشەکردن کە قۆناغی لاوێتیە،باسکردن لە تایبەتمەندیە گشتیەکانی خوێندکاری زانکۆ بە

واتای باسکردنی گشت ئەو تایبەتمەندیانە دێت کە مۆرکی زۆرینەی ئەوانەن کە خوێندکاری زانکۆن و لە کەسانی تری نێو کۆمەڵگە جیایان دەکاتەوە،گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەش ئەمانەن.

1-گەشەی ئەقڵی باڵا: خوێندکاری زانکۆ کەسێکە بەرەو قۆناغی لاوێتی هەنگاو دەنێت،ئەوەش قۆناغێکە تێدا چالاکی ئەقڵی دەگاتە لوتکە،هەربۆیە لە توانایدایە پرۆسە ئەقڵیە جۆراوجۆرەکانی وەك یادکەوتنەوە و بیرکردنەوەو داهێنان ودرك پێکردن وەگەڕبخات،بەردەوام هەوڵی بەکارهێنانی ئەم جۆرە توانا ئەقڵیانەیە.

2- گەیشتن بە شێوازێکی گوزارشتی تەواو: لە تایبەتمەندیەکانی لاوان بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بە تایبەت ئارەزوکردنە لە دەستنیشانکردنی فەلسەفەیەکی دیاریکراو،کە ئەرك و رۆڵی لە ژیاندا دیاری بکات،دیارە ئەو کەسەش واتای ژیان نازانێت ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەسەر بەرێت ،ئەو گەنجەی درك بە ئامانجەکانی ژیان نەکات بە نیگەرانی ژیان بەسەر دەبات،ئەم نیگەرانیەش بە چەند وێنیە لەکەسایەتی و ژیانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

3- پاڵنەرەکانی ڕێزگرتن لە خود: خوێندکاری زانکۆ وەك هەرکەسێکی ترهەندێك پاڵنەر هەن کە ڕەفتارێکی تایبەتی پێ ئەنجام دەدەن،پاڵنەرەکانیش بەوە پێناسە دەکرێن"کۆی ئەو هێزانەن کە ڕەفتاری مرۆڤ دەجوڵێنن بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەی دەکەن و بەهێزی دەکەن" لە گرنگترین ئەو هەستی مرۆڤێکی بە کەڵکی تێدا دروست بکات،هەروەها بە هەندێك کار هەستێت جێگەی پێزانینی دەروبەرەکەی بێت.

4- ڕێژەیەکی بەرز لە متمانە بەخود: خوێندکاری زانکۆ متمانەیەکی زۆری بەخۆی هەیە،ڕەنگە زۆرجار شانازی بە بۆچوونەکای خۆی بکات،نەچێتە ژێر رکێفی ڕاو سەرەنجەکانی کەسانی ترەوە،متمانەو پشت بەستنی لاوان بەخۆیان لە درککردنیانە بەتواناکانی خۆیان و خەسڵەتی"ویست و ئارەزوی ئازاد"ە وە سەرچاوە دەگرێت.( علی،2016:ل59).

زانکۆ:

زانکۆ بریتیەلە ((دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی کە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگە دەدرێت بۆ دامەزراندنی،کە پێکدێت لە کۆمەڵێ سیستەمی بچوکتر کە ئامانجیان سەرخستنی پرۆسەی خوێندنەو قوناغەکانی لە خوێندنی مرۆڤ دابەشکراوە بۆ چەند قۆناغێك بۆ ئەوەی کەسی پسپۆر و شارەزا بەرهەم بێنێت لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا)). (شوکری، قادر،2007:ل21).

یان زانکۆ (دەزگایەکی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییە،کە لە چەندین بواری جۆراوجۆر نمرەی ئەکادیمی دەبەخشێ،یاخود دەزگایەکی زانستی ئەکادیمیە،لە چوارچێوەی سیستەم و واقعێکی کۆمەڵایەتی دیارکراودا کارو ئەرکی مەعریفی خۆی جێبەجێ دەکات،لەم ڕووەوە زانکۆ بەشێکە لەو سیستەمەی کە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات،واتە توخمێکی سەرخانی کۆمەڵگەیە،بۆیە بە یاسا و ڕێسا و کلتوری ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە پابەندە.( صالح،2016:ل180).

خوێندکارو زانکۆ:

لای هەموان ئاشکرایە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان خوێندکاران و زانکۆ، وە دوانەیەکن پێکەوە دەبنە تەواوکەری یەکتر و بێ یەکتر ئەستەمە بونیان هەبێت،چون زانکۆ ناوەندێکی ئەکادیمیە،ئەوەی دەچێتە ناوی لەوێوە پێدەگات و دوایش ناسنامە وەردەگرێت ،هەروەها خوێندکارانیش بۆ ئەوەی ببنە خاوەن بروانامەی باڵا و جۆرێك لەپسپۆری دیاری کراو دەبێتە بچنە زانکۆو لەو ناوەندە زانستیە پێبگەن.وە((زانکۆ رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لە بەرەو پێشبرینی کۆمەڵگەدا،وە لەبەردەوامی کارەکانیدا دڵنیایی پێشکەوتن دەبەخشێتە کۆمەڵگە لەبەجێگەیاندنی سێ ئەرکی سەرەکی لەوانە(دەرچواندنی کادری ڕاهێنراو،بەدەستهێنانی توێژینەوەی زانستی،خزمەتکردنی کۆمەڵگە))( الرکابی و یونس: 2).دەبینین یەکێك لەئەرکە سەرەکیەکانی زانکۆ پێگەیاندنی کادری لێهاتوە،کە ئەمانە پێیان دەوترێت خوێندکار.هەروەها(ئەو رۆڵەی لە ئەستۆی زانکۆدایە بەردەوام لە زیادبوندایە و داوای زیاتری لێدەکرێت،لەسەر بەرەو پێشبردنی زانست و گۆرانکاریە شارستانی و کۆمەڵگەیەکان هەبوونی توانای رکابەریکردن و پاراستنی تایبەتمەندی و شوناس و بەرەنگاربونەوە و دابینکردنی پێداویستی و داخوازیەکانی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی بەردەوام ئەرکی سەرەکی زانکۆیە.لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا،هەوروەها( زانکۆکان وەکو ناوەندێکی ئەکادیمی رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە کەم بونەوەی گیروگرفتەکانی هەر کۆمەڵگەیەك،ناوەندێکیشە بۆ پاراستنی کلتورو پێگەیاندنی تاکی خوێندەوارو روشنبیر،کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت توێژێك پێبگەیەنرێت بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن،بەرهەمدارو سودمەند بن لە هەمو لایەنەکانی ژیانەوە،هەروەها

زانكۆكان ناوەندێكی فێركارین و بەرزترین پلەی فێركردنن لە كۆمەڵگەداو ئەو خوێندكارانە وەردەگرێت،كە خوێندنی گشتیان تەواوكردووە،ئەمەش بە هەبونی چەندین مەرج بۆ وەرگرتنی ئەو قوتابیانە.))( محمد،2016:ل68).هەروەها زانكۆ جگە گرنگیانەی سەرەوە كە هەیەتی بۆ خوێندكار (سەرباری توێژینەوەو فێركارییە فەرمی و پیشەیەكان چاوەروان دەكرێت زانكۆ لەبەرانبەر خوێنكاران ئەم رۆڵانەش بگێرێت(پەروەردكردنی هاوڵاتی و توانای پەیوەندی لە گەڵ دەوروبەر،پەرەپێدانی لێهاتویەكانی و توانای رەخنەگرتن).( خانییكی،1386: 4ص).

رۆڵی خوێندكاری زانكۆ:

خوێندكار وەك هەر تاكێكی نێو كۆمەڵگەكەیی خاوەنی كەسایەتی و پێگەی تایبەتی خۆیەتی ،بە یەكێ: لە چینانەیی كۆمەڵ ئەژماردەكرێت،كە چاوەرێی گۆرانكاری و پێشەنگایەتی داهاتوی وڵاتی لێدەكرێت لەسەرجەم كایە جۆربەجۆرەكانی ژیاندا،وەكو تاكێكی چالاك و خاوەن بڕیاری جوڵێنەری زۆر لەو بابەتانەیە لە ناو كۆمەڵگادا بونیان هەیە.وە مەرج نیە كارو رۆڵ و چالاكی خوێندكار تەنها كورت بكرێتەوە بۆ ناو زانكۆو بۆناو هۆڵەكانی خویندن،(ئەو چلاكیانەی لەناو زانكۆ یان لەدەرەوەی زانكۆ خوێنكاران ئەنجامی دەدەن رۆڵی گرنگ و كاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی تواناكانیان، كەلەوانەیە نەتوانن لەناو هۆڵەكانی خوێندندا ئەو توانا و ئارەزوەی هەیانە پەرەی پێبدەن،بەتایبەتی ئەو لایەنانەی پەیوەستە بەپەرەپێدانی بەهای سەربەستی و هاریكاری و كاری هاوبەشیەوە).( سەمین،ل381).هەروەها (گەنجان لەهەموو كات ژێرخانێكی مرۆیی گرنگن،هەڵگری مەشخەڵی راستی و چاكەو گۆرانكارین،تەنانەت سەربازی ئازادین،لاوانی زانكۆ چەندین رۆڵیان هەیە و هەریەكەیان كاریگەری و ئەركی خۆی هەیە،ڕووداوەكان رۆڵی كاریگەری خوێندكاری زانكۆیان سەلماندوە لە پێشەنگی بزوتنەوەكانی ئازادی و بەرگری هەموو گەلێكدا،چونكە خوێندكار بروایەكی قوڵترو راستری هەیە،لە داهاتودا دەبنە پێشەنگ و سەركردەی كۆمەڵگەو خاوەنی بریار.لەوانەش شاعیرە ئەدیب و سەرۆكی دام و دەزگاكان و دیوانەكانی چاودێری وئەندازیار و پزیشك و زۆر شتی تریش.خوێندكار لەناو زانكۆ خۆی بنیات دەنێت،لەرووی رۆشنبیری و فیكری و زانستیەوە،و لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی دەگرێت و هەلی توێژینەوەو خوێندنەوەی زیاتر دەبێت و هەوڵی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و رۆشنبیری و چاكە دەدات لە كۆمەڵگەكەیدا،خوێندكاری زانكۆ سورە لەسەر خوێندنەوەی فراوان لەسەر هەموو بابەتی خوێندنەكەی،خوێندكاری زانكۆیی توێژەر،كتێب و ناونیشانی كتێب و كتێبخانە هاورێیەتی) (محمد، 2016: ل72) .

ئامانجەكانی زانكۆ:

چوار ئامانج هەن كە گشت زانكۆكانی جیهان هەوڵ بۆبەدەستهێنانیان دەدەن كە بریتین لەمانەی خوارەوە.

1-بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی

2-فێرخوازان فێری پیشەیەك ببن

3-راهێنانی فێرخوازان لەسەر شێوازەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی

4-بڵاوكردنەوەی زانست و زانیاری.

بێگومان هەر زانكۆیەكیش بەپێی ئەو ژینگە و باردۆخە كۆمەڵایەتییەی تیایدا دروست بوە ئامانجەكانی دەگۆرێن.( راشد،2007: ل22).

رۆڵی زانكۆ لە كۆمەڵگەدا:

بێگومان هەموو ئەو زانكۆیانەی لە جیهاندا بونیان هەیە،پێكەوە كۆمەڵێك ئەرك و رۆڵی هاوبەشیان هەیە دەبێت رەچاوی بكەن و هەوڵ بۆ جێبەجێكردنیان بدەن،بەڵام هەندێك جار باردۆخی كۆمەڵگەیەك وا دەكات،ئەرك و رۆڵی زانكۆیەك بەو شێوە بێت كە كۆمەڵكە پێویستی پێیەتی. هەر زانكۆیەك(لەسەر بنەمای كۆمەڵێك بەڵگەی لۆژیكی یاخود سازگار لەگەڵ بنەمای عەقلانیەتدا و چەشنی دامەزراوە و كارخانیەك رێكبخرێت، ئەو كاتە بە بێ ئەوەی خۆی ئاگای هەبێت،بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ كاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی و ئابوری فەرهەنگی و چوارچێوە و پێوەدانگی هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان جێدەهێڵێت ) (محمد،2016:ل70) (چونكە زانكۆ دەزگایەكی كۆمەڵایەتیە كاریگەری لەسەر كەشە كۆمەڵایەتیەكەی دەوروبەری خۆی دەكات وە ئەویش كاریگەری لەسەر ئەو

دروست دەکات)( راشد،2007: ل16). وە لە ئێستادا یەکێك لەو ڕۆڵانەی زانکۆ دەبێت لە کۆمەڵگە بیگێڕێت (خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە لە ئێستا و وە دەبێت کەش و هەوایەکی وا بێنێتە کایەوە،کە ڕێگە خۆشکەرێت بۆ ئەوەی ئەزمونی دیموکراسی گەشە بکات،وە بەشداریەکی چالاکی هەبێت لە دروستکردنی بیرو ڕاکان وکارکردندا،وە دەبێت گەشە بە توانای فێرخوازان بدات بە شێوەیەك بتوانن بەشداربن لە بونیادنانی کۆمەڵگەوچارەسەری کێشەکانی بکەن .( هللو: 2013: ص40 )

(هەروەها دروستبونی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا وەك کێشەی زانستی،ئابوری ،کۆمەڵایەتی،سیاسی.هتد،لە هەندێك ڕووەوە چارەکرنیان دەچێتە ئەستۆی زانکۆکان.( عمر،26:2015).

خشتەی(1) توێژینەوەکانی پێشتر:

| ذ | ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | میتۆدی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە | نمونەی توێژینەوە | ئامرازە ئاماریەکان | ئەنجامەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عزیز،2017 | پەسنی | دەرخستنی کێشە پەروەردەییەکانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | زانکۆی گەرمیان | 69 | هاوکێشەی پیرسۆن | گرنگی نەدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە کێشە مادییەکانی ناوچەکە ونەگونجاوی پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئاستی قوتابی و ژینگەی فێرکاری |
| 2 | امین/2010 | پەسنی | زانینی ئەو کێشانەی کە روبەروی خۆێندکارە ڕاهێنراوەکانی بەشی کوردی -کۆلێجی پەروەردەی-ئیبن روشد دەبێتەوە | کۆلێجی پەروەردە - ئیبن روشد | 22 | +کێشی سەدی+ناوەند دی شیاوی | بە گرنگ تەماشا نەکردنی بابەتی کوردییەکان بەلایەن بەرێوەبەری قوتابخانەکانەوە وە نەخولقاندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ خوێندکارە ڕاهێنراوەکانی زمانی کوردی+ئەو ماوەی کە بۆ ڕاهێنراوەکان دانراوە کە ماوەکەی لە شەش هەفتە تێپەرناکات کەمەوبەشی ئەوە ناکات خوێندکارانی بەشی کوردی شارەزای بنەما سەرەکییە دەرونی وپەروەردەیەکان بن |
| 3 | ناصر/2014 | پەسنی | زانینی ئەو کێشانەی روبەروی خوێندکارانی زانکۆ دەبێتەوە لە دیدگای خوێندکارانەوە | زانکۆی بابل- کۆلێجی ئاداب | 100 | هاوکێشەی پیرسۆن | ناجێگیری ئەو چوار چێوەی خێزانی کۆمەڵایەتیەیی پەیوەندی بە خوێندکارەوە هەیە رۆڵێکی گەورە دەگێرن لە دەرکەوتنی کێشەکانی خوێندکار+دەرکەوتنی ئەو کێشانە پەیوەندی بەو کێشانەوە هەیە بەبەردەوامی بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە |
| 4 | علی/2016 | پەسنی رووپێوی کۆمەڵایەتی و"پەیوەستی" | زانینی ئاستی هیوا لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان | زانکۆی گەرمیان | 400 | +کێشی سەدی+ناوەند دی شیاوی | ئاستی هیوا لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە ئاستێکی بەرزدایە+دڵە راوکێی ئایندە لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە ئاستێکی نزمدایە |
| 5 | سەمین/ 2017 | روپێوی کۆمەڵایەتی | زانینی رۆڵی ژینگەی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ | زانکۆی گەرمیان | 92 | کێشی سەدی+ناوەند دی شیاوی-ناوەندی ژمێرەیی | ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستوە کەزانکۆ رۆڵێکی باشی گێراوە لە دابینکردنی ئازادی وژینگەیەکی گونجاو بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی ودروستکردنی گیانی هاورێیەتی لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان وبوار بۆ گوزارشت کردن لە بیروبۆچون و بۆ خوێندکاران دراوە |

**بەشی سێیەم: ڕێکاریەکانی توێنەوە**

-کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە کۆلێجی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان کەپێکهاتوە لەبەشەکانی (کوردی، عەرەبی،ئینگلیزی، مێژوو،جوگرافیا،دەروونناسی،بایلۆجی،کیمیا،فیزیا،بیرکاری) کۆی ژمارەی خوێندکارەکانی ئەم دە بەشە پێکهاتووە لە(2309) خوێندکار ، خشتەی (2) .

خشتەی(2) کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ هەردوو ڕەگەز (نێر ، مێ )

| ذ | بەش | قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دوەم | | | قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| 1 | زمانی کوردی | 19 | 73 | 92 | 17 | 40 | 57 | 12 | 45 | 57 | 10 | 45 | 45 | 58 | 203 | 261 |
| 2 | زمانی عەرەبی | / | / | / | 4 | 8 | 12 | 11 | 36 | 47 | 13 | 39 | 52 | 28 | 83 | 111 |
| 3 | زمانی ئینگلیزی | 22 | 64 | 86 | 16 | 48 | 64 | 12 | 50 | 62 | 11 | 48 | 59 | 61 | 210 | 271 |
| 4 | دەروونناسی | 24 | 73 | 97 | 24 | 37 | 61 | 17 | 33 | 50 | 15 | 28 | 41 | 80 | 171 | 251 |
| 5 | مێژوو | 27 | 62 | 89 | 20 | 41 | 61 | 15 | 35 | 50 | 14 | 30 | 44 | 76 | 168 | 244 |
| 6 | جوگرافیا | 44 | 87 | 131 | 16 | 27 | 43 | 17 | 32 | 49 | 16 | 25 | 41 | 93 | 171 | 264 |
| 7 | کیمیا | 24 | 50 | 74 | 12 | 32 | 44 | 7 | 23 | 30 | 15 | 40 | 55 | 58 | 146 | 214 |
| 8 | فیزیا | 22 | 69 | 91 | 11 | 34 | 45 | 9 | 36 | 45 | 11 | 30 | 41 | 53 | 169 | 222 |
| 9 | بایلۆجی | 12 | 64 | 76 | 12 | 42 | 54 | 7 | 27 | 34 | 11 | 53 | 64 | 42 | 186 | 228 |
| 10 | ماتماتیك | 26 | 88 | 114 | 16 | 31 | 47 | 10 | 21 | 31 | 27 | 35 | 62 | 79 | 175 | 254 |
| کۆ | | 220 | 630 | 850 | 148 | 340 | 488 | 117 | 338 | 455 | 143 | 373 | 516 | 628 | 1681 | 2309 |

**-نمونەی توێژینەوەکە:**

نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی هەرچوار قوناغی خوێندن لە بەشەکانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان، مەبەست وەرگرتنی هەر چوار قۆناغ لە لایەن توێژەرەوە بۆ ئەوەبووە نمونەی توێژینەوەکە وێنەی تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوە بخاتەڕوو ، جۆری نمونەکەشمان بە شێوەی(هەرەمەکی سادە) وەرگرتوە وە ژمارەیان(118) خوێندکارە ، خشتەی (3) .

خشتەی(3)نمونەی توێژینەوە هەردوو ڕەگەز (نێر، مێ ) خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە

| ذ. | بەش | قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دوەم | | | قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | | کۆی گشتی | | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | |
| 1 | زمانی کوردی | 1 | 1 | 2 | 0 | 2 | 2 | 1 | 2 | 3 | 1 | 4 | 5 | 3 | 9 | 12 | 4.49 |
| 2 | زمانی عەرەبی | / | / | / | 2 | 5 | 7 | 0 | 0 | 0 | 2 | 3 | 5 | 4 | 8 | 12 | 10.81 |
| 3 | زمانی ئینگلیزی | 2 | 2 | 4 | 1 | 1 | 2 | 1 | 1 | 2 | 1 | 3 | 4 | 5 | 7 | 12 | 4.42 |
| 4 | دەروونناسی | 1 | 2 | 3 | 1 | 1 | 2 | 0 | 3 | 3 | 2 | 2 | 4 | 4 | 8 | 12 | 4.78 |
| 5 | مێژوو | 0 | 3 | 3 | 1 | 1 | 2 | 1 | 0 | 1 | 2 | 3 | 5 | 4 | 7 | 11 | 4.50 |
| 6 | جوگرافیا | 1 | 2 | 3 | 0 | 2 | 2 | 0 | 2 | 2 | 2 | 2 | 4 | 3 | 8 | 11 | 4.16 |
| 7 | کیمیا | 1 | 2 | 3 | 0 | 0 | 0 | 1 | 4 | 5 | 0 | 4 | 4 | 2 | 10 | 12 | 5.60 |
| 8 | فیزیا | 1 | 2 | 3 | 0 | 0 | 0 | 1 | 4 | 5 | 1 | 3 | 4 | 3 | 9 | 12 | 5.40 |
| 9 | بایلۆجی | 0 | 3 | 3 | 1 | 1 | 2 | 0 | 3 | 3 | 2 | 3 | 5 | 3 | 10 | 13 | 5.70 |
| 10 | ماتماتیك | 1 | 2 | 3 | 0 | 1 | 1 | 1 | 1 | 2 | 2 | 3 | 5 | 4 | 7 | 11 | 4.33 |
| کۆ | | 8 | 19 | 27 | 6 | 14 | 20 | 6 | 20 | 26 | 15 | 30 | 45 | 35 | 83 | 118 | 54.19 |

ئامرازی توێژینەوە: هەموو توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامرازێك هەیە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە داتا وزانیاری کۆبکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر سودی لە ئامرازە ئامادەکراوەکانی توێژینەوەکانی پێشتر و سەرچاوە پەروەردەییەکانی وەرگرت، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە توێژەر هەستاوە بەئەنجامدانی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی(استکلاعی) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاوەرگری، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمێکی سەرەتایی پێشکەش بە ژمارەیەك لە مامۆستایان وخوێندکارانی کرد ، پاش کۆکردنەوەی سەرجەم فۆرمەکان و زانیاریەکانی بەتاڵکرانەوە و پاشتر بەسەر چەند بوارێکی سەرەکیدا دابەشکران و فۆرمی توێژینەوەیان لێوە درووست کرد بەشێوەی کۆتایی (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1 ).

ڕاستێتی ڕواڵەتی ئامراز faceValidity:

مەبەست لە ڕاستێتی تواناداری ئامرازە بۆ پێوانەکردنی ئەو بابەتەی لەپێناویدا دانراوە(الگریجی،2001، 72)، باشترین میکانیزمیش بۆ دەرخستنی ڕاستێتی ڕووکەشی(Face Validity )ئامرازی ڕادەربڕین، واتەپیشاندانی ئامرازەکەیە بۆ کۆمەڵێك پسپۆڕ وتایبەتمەند بۆ داوەریکردنی و دەرخستنی ڕادەی گونجاوی برگەکانی (عزیز،15،2014) هەر بۆیە پاش ئەوەی ئامرازی توێژینەوە لەلایەن چەند شارەزاییەکی بواری پەروەردە(ڕێگاکانی وانەوتنەوە)و دەروونناسی ڕاستێتی بۆ ئەنجامدرا کە ژمارەیان (7)پسپۆڕ بوون (بڕوانەپاشکۆی ژمارە 2 )، توێژەر ڕێژەی (80%)ی پشتیوانی داوەری وەرگرت بۆ هەر برگەیەك،لەکۆتاییدا چەند برگەیەك گۆڕانکاری تێدا کراو ژمارەیەك برگەش دوورخرانەوە، لەئەنجامدا کۆی برگەکان لە فۆرمی کۆتایی گەیشتە(25)برگە و دابەشکران بەسەر ( پێنج ) بوار، توێژەر سێ هەڵبژاردنی بەشێوەی (بەڵێ)، ( تاڕادەیەك)، ( نەخێر) وەك پێوەر بەشێوەی پلەبەند داناوە، بۆ ئەوەی چەندێتی هەستکردنی بەکێشە ڕوونبێتەوە، لەکۆتاییدا دەرکەوت ڕاستێتی ئامرازەکە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

جێگیری ئامڕاز:- توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی (30) فێرخواز کە لە دەرەوەی نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە بوون فۆرمیان بەسەردا دابەشکرا پاش دوو هەفتە ، توێژەر جارێکی تر فۆرمی نوێی بەسەریاندا دابەشکردەوە، پاش وەرگرتنەوەی هەموو فۆرمەکان دەستمانکرد بە ئەنجامدانی دۆزینەوەی جێگیری ئامڕازەکە بە (هاوکێشەی پێرسۆن) بۆ ژماردنی چەندێتی کارایی جێگیری ئامڕازەکە لەکۆتاییدا دەرکەوت جێگیری ئامڕازی توێژینەوەکە بەڕێژەی (0,79) یە ، بۆیە ئەم ڕێژەیەش گونجاوە بۆ جیگیری ئامڕاز بە پێی ڕای پسپۆڕانی پەروەردەیی (عیسوی،1974 ، 58 ).

جێبەجێکردنی ئامڕاز Application of the means: پاش دڵنیابوون لە ڕاستێتی وجێگیری ئامڕازەکانی توێژینەوە، توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی بەشێوەی کۆتایی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوە کە پێك هاتبوو لە (118) فێرخواز لەکۆلێجی پەروەردە لەسەرجەم بەشەکان، توێژەر بەشێوەی دابەشکردنی ڕاستەوخۆ فۆرمی ڕاوەرگری لەبەرواری 19/ 12 / 2018 بۆ 14/ 1 / 2019 بەسەر فێرخوازان جێبەجێکرد ، ئەم کارەش وەك (عوبەیدات ) جەختی لەسەر دەکاتەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی بەدیقەتر وەڵامبدەنەوە و دەرئەنجامەکان ڕاستر بەدەستەوە بدەن (عبیدات، 1992، 128 ) .

ئامرازە ئاماریەکان (The Statistical Procedures):

1-هاوکێشەی پێرسۆن ( Pearson ) :

توێژەر بۆ ئەژمارکردنی بەهای هاوسەنگی جێگیری ئامڕازی ڕاپرسیەکە بەشێوەی دووبارەکردنەوەی وەلامدانەوە .

$$ر = \frac{ن\ مج\ س\ ص\ .(\ مج\ س\ )\ (\ مج\ ص\ )}{[\ ن\ مج\ س2 - (\ مج\ س2\ )\ ]\ [\ ن\ مج\ ص2 - (\ مج\ ص\ )2\ ]}$$

(السید،1979، 183 ) .

2. ناوەندی شیاوی (یەکلاییکەرەوە) :

$$ناوەندی\ شیاوی(یەکلاییکەرەوە) = \frac{ت1 \times 3 + ت2 \times 2 + ت3 \times 1}{کۆ\ ت}$$

( :Fischer, 1955 , P 156 )

بەپێی هاوکێشەکە کێشی هەڵبژاردەکان بەم شێوەیە بوو .

ت1 = نابێتە کێشە ، (یەك پلە) .

ت2 = کێشەی لاوەکیە ، (دوو پلە) .

ت3 = کێشەی سەرەکیە ، (سێ پلە) .

4- ڕێژەی سەدی ( Percentage ) : لەپێناو ئەژمارکردنی کۆمەڵگا ونمونەی توێژینەوە بەکارهاتووە.

$$ڕێژەی\ سەدی = \frac{ژمارەی\ لاوەکی}{کۆی\ گشتی} \times 100$$

(السید،1979، 112 )

5- کێشی سەدی ( Coefficient of Weight ) :

$$کێشی\ سەدی = \frac{ناوەندی\ شیاو}{بەرزترین\ کێش} \times 100$$

( الغریب،1978، 76 )

بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

خستنەڕووی فۆرمی هەڵسەنگاندن کێشەکانی خوێندکاران لەزانکۆی گەرمیان

خشتەی ( 4 ) ناوەندی شیاویی و کێشی سەدی بواری یەکەم (ئارەزووەکانی خوێندکار )

| ذ | برگەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | بەڵێ | تارادەیەك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بە خواستی خۆم هاتوومەتە بەشەکەم. | 64 | 31 | 23 | 2,34 | 78 |
| 2 | تەنها مەبەستمە قۆناغەکانی زانکۆ تەواو بکەم ، نەك پێشخستنی لایەنی زانستی و پەروەردەیی خۆم. | 16 | 28 | 74 | 1,50 | 50,28 |
| 3 | بەردەوام ئاگاداری ڕۆژنامە وپێشکەوتنەکانی پسپۆڕیەکەمم. | 8 | 55 | 55 | 1,60 | 53,38 |
| 4 | کتێبخانەی تایبەتم درووست کردوە لەبواری پسپۆڕیەکەم. | 11 | 18 | 89 | 1,33 | 44,63 |
| 5 | پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی لەپسپۆریەکەی خۆم کارم دەست دەکەوێت | 40 | 49 | 29 | 2,09 | 69,77 |

لە خشتەی(4 ) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەریەك لە برگەکانی(4,3) بەلای خوێنکارانەوە بون بە کێشە برگەی (4) ناوەندی شیاوی و کێشی سەدیەکەی بەم شێوەیە(1.33) و(44.63%) کە دەقەکەی بەم شێوەیە(کتێبخانەی تایبەتم درووست کردوە لەبواری پسپۆڕیەکەم).

دەشێت هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا بونی کتێبخانە نەبوەتە کلتورلای فێرخوازانی زانکۆ، هەروەها کتێب نەبوەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵدا و لەنێویشیاندا فێرخوازانی زانکۆ .

هەروەها برگەی(3) ش لای خوێندکاران بوەبە کێشە بەناوەندی شیاوی(1.60) وە کێشی سەدی(53.38%). کە دەقەکەی بەم شێوەیە(بەردەوام ئاگاداری ڕۆژنامە وپێشکەوتنەکانی پسپۆڕیەکەمم)دەکرێت بەشێکی ئەم کێشەیە بگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خودی خوێندکار و خۆشنەویستنی پسپۆری و پیشەکەی خۆی و هەروەها جۆرێك لە ساردبونەوە هەیە لای خوێندکار دە دەزانێ ڕاستەخۆ دوای تەواوکردنی زانکۆ لە پسپۆریەکەی خۆی دانامەزرێت.

خشتەی( 5) ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بواری دوەم (زانست وزانیاری)

| ذ | برگەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | سەرچاوەی پێویستم بۆ هەر بابەتێك دەستم ناکەوێ بیخوێنمەوە. | 38 | 56 | 24 | 2,11 | 70,62 |
| 7 | چاوەڕوانی نووسینی ئامادەکراوی (مەلزەمە) ی مامۆستا دەکەم. | 74 | 28 | 16 | 2,49 | 83,05 |
| 8 | هەرچەند لە ئەنتەرنێت بەدوای بەڵگەی زانستی بۆ موحازەرات دەگەڕێم بەزمانی کوردی دەستم | 75 | 34 | 9 | 2,55 | 85,31 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناكەوێت. | | | | | |
| 9 | نەزانینی زمانە بیانیەكانی كێشەی نەخوێندنەوەی بۆ دروست كردووم. | 61 | 36 | 21 | 2,33 | 77,96 |
| 10 | ئاستەنگیەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا ، هەوڵی تەواوكردنی خوێندنی باڵا (ماستەر) لەداهاتوو لا سست كردوم. | 68 | 28 | 22 | 2,38 | 79,66 |

لە خشتەی( 5) سەرجەم برگەكانی ئەم بوارە لای خوێندكاران بوە بەكێشە كە بریتین لە برگەكانی (6,7,8,9,10) بە جۆرێك برگەی(8) بەرزترین ناوەندی شیاو یو كێشی سەدی تۆماركردوە بە(2.55) و(85.31%).كە دەقەكەی بەم شێوەیە(هەرچەند لە ئەنتەرنێت بەدوای بەڵگەی زانستی بۆ موحازەرات دەگەڕێم بەزمانی كوردی دەستم ناكەوێت ). هۆكاری ئەم برگەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە لە بواری وەرگێراندا زۆر هەژارین و بە پێی پیوست ئاوڕمان لەم بوارە گرنگە نەداوەتەوە.بە تایبەتی نەمانتوانیوە لە بواری بابەتی زانستە پەتیەكاندا شتەكان وەرگێرین و لە ئەنتەرنێت دایبنێن تا خوێندكارانمان سودیان لێوەرگرن.هەروەها برگەی(7)یش بوەتە كێشەلای خوێندكاران كە دەقەكەی بەم شێوەیە(چاوەڕوانی نووسینی ئامادەكراوی (مەلزەمە) ی مامۆستا دەكەم). دەكرێت هۆكار بۆ ئەمە زۆر بێت ،بەڵام دیارترینیان بریتیە لەوەی كە مامۆستا یان بەشێكی زۆریان هەموو بابەتەكەیان كردوە بە مەلزەمە بۆ خوێندكاران و هەموو پرسیار و تاقیكردنەوەكان لە چوارچێوەی مەلزەمەكەدا دادەنێن و خوێندكار ناچاردەكرێت پابەند بێت پێیەوە،یان مامۆستا سەرچاوەی پێویست ناخاتە بەردەم خوێندكاران بۆ ئەوەی سودی لێوەربگرن،یان ئاستی مامۆستا وەك پێویست نیە تا بتوانێت سەرچاوەی جۆربەجۆر لەبوارەكەیدا بخاتە بەدەست خوێندكار،یان خودی خوێندكار خۆی كەمتەرخەمە ناگەڕێت بەدوای سەرچاوەی پێویستدا.

خشتەی( 6) ناوەندی شیاوی و كێشی سەدی بواری سێهەم(شیاوییەكانی مامۆستا).

| ذ | برگەكان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | ناوەندی شیاوی | كێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | مامۆستاكان پسپۆڕی ئەو بابەتە نین كەدەیڵێنەوە.. | 15 | 48 | 55 | 1,04 | 34,75 |
| 12 | مامۆستایان تەنها زانیاری دەبەخشن و مەعریفەمان لا درووست نابێت. | 35 | 35 | 38 | 1,80 | 60,16 |
| 13 | هەستدەكەم مامۆستایان بەرژەوەندی خوازن لەگەڵ خوێندكاران | 25 | 43 | 50 | 1,78 | 59,60 |
| 14 | مامۆستایان مامەڵەكردنیان لەگەڵ خوێندكاراندا پیشەیی و پەروەردەیی نییە. | 17 | 50 | 51 | 1,71 | 57,06 |
| 15 | مامۆستایان بەدەر لە بابەت زانیاری ومەعریفەی دەرەكیمان پێ ناگەیەنن. | 25 | 53 | 40 | 1,87 | 62,42 |

له خشتەی( 6) بۆمان دەردەکەوێت هیچ لەو برگانەی سەرەوە کە بریتین لە برگەکانی (15,14,13,12,11) لای خوێندکاران نەبوون بەکێشە وە بە پێی جۆری پرسیاوەکان کەمترین ناوەندی شیاوی و کێشی سەدیان تۆمارکردوە بە جۆرێك برگەی(11) کە دەقەکەی بریتیە لە(مامۆستاکان پسپۆڕی ئەو بابەتە نین کەدەیڵێنەوە).نزمترین ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی تۆمارکردوە بە (1.04) و(34.75) .ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بەشێوەیەکی باش هەموو ئەو مامۆستایانە لە کۆلێژی پەروەردە وانەدەڵێنەوە هەریەکەیان لە بوار و پسپۆڕی خۆیان وانەکان بە خوێندکاران دەڵێنەوە وە برگەکانی تریش بەهەمان شێوە نەبونەتە کێشە لای خوێندکاران .

خشتەی (7 ) ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بواری چوارەم(خزمەتگوزاری زانکۆ).

| ذ | برگەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 16 | بەشی ناوخۆیی وکافیتریا وئاوی خواردنەوەی پاکژ وکارەبامان بۆ دابینکراوە. | 47 | 55 | 16 | 2,62 | 75,42 |
| 17 | کتێبخانەی تایبەت بە کۆلێژەکە ناتوانێت پێداویستی هەموو خوێندکاران پڕبکاتەوە | 51 | 51 | 16 | 2,29 | 76,55 |
| 18 | کێشەی هاتوو چۆمان هەیە بۆزانکۆم. | 35 | 21 | 62 | 1,77 | 59,03 |
| 19 | سەنتەری ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر وەك پێویست نییە لە زانکۆ. | 80 | 24 | 14 | 2,55 | 85,31 |

له خشتەی (7 ) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەریەك لە برگەکانی(19,17) بەلای خوێندکارانەوە بون بە کێشە کە جۆرێك برگەی(19) بەرزترین ناوەندی شیاویو کێشی سەدی تۆمارکردوە بە(2.55) و( 85.31) کە دەقەکەی بەم شێوەیە(سەنتەری ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر وەك پێویست نییە لە زانکۆ ).بێگومان ناوەندێکی زانستی وەك زانکۆ دەبێت ئەوەندە سەنتەری ئەنتەرنێتی هەبێت کە خوێندکاران هەرکاتێك پێویستیان پێبوو،بە بێ کێشە بتوانن دەستیان بگات بە هێڵەکانی ئەنتەرنێت،من وەکو مامۆستایەك بە ڕوونی هەستم بەوەکروە کە کەمترین سەنتەری ئەنتەرنێت هەیە لە زانکۆ و لە گەڵ ئەوەشدا هێڵەکان زۆر هێواشن،بۆ ناوەندێکی وەکو زانکۆ هیچ دەست نادەن بۆ ڕاپی کۆدنی کاروباری خوێندکاران و مامۆستایانیش.هەروەها برگەی (17) بەهەمان شێوە بوبە کێشە بەلای خوێندکارانەوە کە دەقەکەی بەم شێوەیە(کتێبخانەی تایبەت بە کۆلێژەکە ناتوانێت پێداویستی هەموو خوێندکاران پڕبکاتەوە).لە کۆلێژی پەروەردە تەنها یەك کتێبخانە هەیە،وە لە ڕووی کوالێتی و بونی وەك کتێبخانەیەکی ستاندارد هێشتا هەژارەو لەزۆربەی بوارەکاندا کەمی سەرچاوە لە ڕوونی هەستی پێدەکرێت ئەگەر بچیت ڕۆژانە بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێیت.

خشتەی (8 ) ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بواری پێنجەم(پرۆگرامی خوێندن).

| ذ | برگەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | ئەو پرۆگرامەی دەیخوێنین بەسوودە بۆ ژیانی پیشەییم. | 44 | 42 | 32 | 2,10 | 70,05 |
| 21 | زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن پاڵنەری خوێندکار لاواز دەکات بۆ خوێندن . | 45 | 50 | 23 | 1,37 | 45,74 |
| 22 | لەرووی پرۆگرامەوە گرنگی بە چەندێتی زانیاری دەدرێت نەك چۆنێتی. | 49 | 54 | 15 | 2,28 | 76,27 |
| 23 | زۆربنەی مامۆستایان پرۆگرامەکانیان دووبارەی ساڵانی پێشترە کە وتوویانەتەوە. | 45 | 41 | 22 | 2,02 | 67,51 |
| 24 | گرنگی بە نووسنی راپۆرت و چالاکی خوێندکاران دەدرێت بۆ هەڵسەنگاندن. | 64 | 34 | 20 | 2,37 | 79,09 |
| 25 | زۆربەی بابەتەکان بە شێوەی تیۆری دەخوێندرێت | 58 | 43 | 17 | 2,34 | 78,24 |

لە خشتەی ( 8) بۆمان ڕووندەبێتەوە لەم بوارەدا هەریەك لە برگەکانی(25.23.22)بەلای خوێندکارانەوە بون بە کێشە.بەجۆرێك برگەی(25) بەرزترین ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی تۆمارکردوە بە(2.34) و(78.24) کە دەقەکەی بەم شێوەیە(زۆربەی بابەتەکان بە شێوەی تیۆری دەخوێندرێت).ئەم کێشەیە زیاتر روو لەبابەتە وێژەیەکان دەکات،چون زۆربەی ئەو بابەتانەی دەخوێندرێت بە شێوەی تیۆری دەخوێندرێت.دەبێت هەوڵبدرێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە ئەو بابەتانە بەشێوەی(کردەیی)پراکتیکیش بە خوێندکارن بخوێندرێت.هەروەها برگەی (22) ش بەلای خوێندکارانەوە بوبە کێشە کە دەقەکەی بەم شێوەیە(لەرووی پرۆگرامەوە گرنگی بە چەندێتی زانیاری دەدرێت نەك چۆنێتی)ئەم برگەیەش تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە مامۆستایانەوە هەیە،کە دەبێ ئەو بابەتانەی دەیڵێتەوە.زیاتر گرنگی بدات بەوەی چی دەبێت بدرێت بەخوێندکار ئەو بابەتە تازانەی کە دێنە ناو زانست و بابەتەکەی ئەوەوە دەبێت ئاگایی لێیان بێت.نەك تەنها مەبەستی بێت زۆرترین بابەت بدات بە خوێندکار بەلام لە رووی زانستی و ئەکادیمەوە شتی دووبارەو سواو بێ ناوەرۆك بێت.

## ئەنجام و ڕاسپاردە وپێشنیاز

یەکەم/ئەنجامەکان:

1- هەردوو ڕەگەز ( نێر ، مێ ) وەرگرتنیان لە زانکۆ و بواری پیسپۆریان بە ئارەزووی خۆیان نەبووە .

2- بواری زانستی هەموو بڕگەکانی بە گرفت دەستنیشان کراوە ، بۆنمونە نەبوونی سەرچاوەی زانیاری ئەلکترۆنی ، نەزانی زمانی بیانی .

3- بواری شیاویەکانی مامۆستای زانکۆ هەموو بڕگەکانی سەرکەوتووبووە ، هیچ برگەیەکی نەبووە بە کێشەی فێرخوازان .

4- لەڕووی خزمەتگوزاری زانکۆیی فێرخوازان لە دەستەبەرنەبوونی هێڵی ئینتەرنێتیان بەگرفت زانیوە .

5- پرۆگرامی خوێندن لەزانکۆ گرنگیدان بە چەندێی زانیاری لای مامۆستا بەگرفت دەزانن لەبری چەندێی.

دووەم/ ڕاسپاردەکان :

1- پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕەچاوی ئارەزووەکانی فێرخوازان بکرێت لە وەرگرتنیان لە زانکۆ . .

2- فەراهەمکردنی سەرچاوەی زانستی لەبەش و کۆلێجەکانی زانکۆی گەرمیان .

3- گرنیگیدانی زانكۆكان به خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی بۆ فێرخوازانیان .

سێیەم/ پێشنیازەكان:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی هاوشێوە، بەلام لەسەر ئاستی سەرجەم زانكۆكانی هەرێمی كوردستان، بەمەبەستی زانینی گرفتەكان لە زانكۆكانی دیكە .

2- كاركردن بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی وەرگرتنی خوێ،دكاران كە لەگەڵ سەردەمی ئێستامان گونجاوبێت .

4-توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێت ، بە مەبەستی دانان و ئامادەكردنی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدان و بەهێزكردنی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان .

**سەرچاوەكان:**


1. أصغر، أفتخاري و أناري، نادري باب ( 1388) : مطالعات معرفيتي در دانشطاة اسلامي، مجلة .
2. امين، فردوس علي (2010) : مشكلات التي تواجة مطبقي قسم اللغة الكردية و مطبقاتةفي كلية تربية –ابن رشد، مجلة كلية الاداب، عدد92 .
3. ئەمین ، سەرحەد محمد (2017) : رۆڵی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ(توێژینەوەیەكی مەیدانیە)،گۆڤاری زانكۆی گەرمیان.
4. پور، سلمان و جواد ،محمد( 1384) :هويت دانشجو،مجله مگالعات فرهنگی در دانشگاه اسلامی،ژ.28.
5. حسين ، توانا فريدون(2015) :خوێندنەوەی دەرەكی لای خوێندكارانی زانكۆ(توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتیەكانی كۆیە)،گۆڤاری زانكۆی كۆیە،ژ.37.
6. حوێز، سالار دلاور و صابر ڤاهر حمد امين، سالح، على عبدالله : رۆڵی فلیمەدۆكیۆمێنتاریە كوردیەكان لە چاندنی رۆشنبیری لای قوتابیانی زانكۆ(لێكۆڵینەوەیەكی روپێویەلەسەر نمونەیەك لە قوتابیانی بەشەكانی راگەیاندن لە زانكۆی صلاح الدين و جيهان و پۆلەتەكنیك.گۆڤاری زانكۆی جيهان،ژمارەی تایبەت بە سێیەمین كۆنفرانسی زانستی نێو دەوڵەتی زانكۆی جيهان.
7. راشد، على (2012) : زانكۆ و فێركردنی زانكۆیی،و.یەحیا عومەررێشاوی،چاپی یەكەم.
8. الركابي ، رائد بايش، يونس ، رائد رسم www.gulfkids.com http://www.gulfkids.com/ar/index.php?action=show_res&r_id=68&topic_id=1804
9. السيد، فؤاد البهي(1979): علم النفس الإحصائي وقياس العقل البشري، دار الفكر العربي ، الطبعة الثالثة، القاهرة، مصر.
10. شوكرى ، رزگار سالح، قادر ،نەزیرە محەمەد (2007) : هۆكارەكانی دابەزینی ئاستی خوێندن لە زانكۆدا،چاپی یەكەم،هەولێر.
11. صالح ، ميران محمد صالح،(2016) : پاڵنەرە كۆمەڵایەتیەكانی خوێندن لای فێرخوازی زانكۆ (توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە هەرێمی كوردستاندا)،گۆڤاری زانكۆی گەرمیان،ژ،10.
12. الطريجي ، فاهم حسين ، وآخرون(2001): مبادئ القياس والتقويم التربوي ، المكتبة الوطنية، الطبعة الاولى .
13. عباس، عبدي (1388) : نقش دانشجو در جنبشهاي اجتماعي، مجلة، طزارش،ذ،214.
14. عبيدات، ذوقان، وآخرون(1992): البحث العلمي (مفهومه،أدواته،أساليبه)، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة،عمان، الأردن.
15. عزيز ، كريم احمد(2014): گرفتەكانی وتنەوەی بابەتی مێژووی ئەوروپا لەڕوانگەی مامۆستایان و فێرخوازانەوە لە زانكۆی گەرمیان ، گۆڤاری زامكۆی كۆیە ، ژمارە (62) .
16. عزيز، كريم احمد ( 2017) :كێشە پەروەردەییەكانی خوێندنی كوردی لەناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیداری هەرێم"ناوەندی قەزای خانەقین وەك نمونە"گۆڤاری زانكۆی گەرمیان .

17. علی، ئارام ئەحمد (2016) : ئاستی هیواو دڵەڕاوکێی ئاینده لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان،نامەی ماستەر،زانکۆی گەرمیان .

18. عومەر، خالید محمد (2015) : زانکۆ لە نێوان ناو و ناوەرۆکدا.

19. عيسوي، عبدالرحمن محمد(1974): القياس والتجريب في علم النفس والتربية،دار النهضة للطلاعة والنشر والتوزيع، بيروت ، لبنان.

20. الغريب، رمزية(1987): التقويم والقياس النفسي والتربوي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

21. محمد ، ئاراس عيمان(2016 ) : گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارنی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان،نامەی ماستەر،زانکۆی گەرمیان

22. محمد، رئوفي ( 1374) : دانشطاة و توسعة فرهنطي،مجلة ثذوهش و برنامة ريزي در اموزشي عالي،ذ،10 .

23. ناصر ،عقيل خليل، (2014) : المشكلات التي تواجه طلبة جامعة بابل من وجهة نظرهم،مجلة كلية التربية /جامعةبابل الاساسية،عدد،15.

24. نخملة، اهد ( 2014) : واقع الاختيار المهني لخريجي الجامعة الجزائرية(جامعة محمد خيضر نموزجا)،رسالة الماجستير،جامعة محمد خضير،كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

25. هللو، اسلام عصام (2013) : دور الجامعات الفلسطينية في الخدمة المجتمع في ضوء مسوؤليتها الجتماعية من وجهه نظر اعضاء الهية التدريسية"دراسة الحالة الجامعة الاقصى"،الجامعة الاسلامية-غزة،رسالة الماجستير.

26. Fischer(1955), Euqence C "International Survey of the Beginning Teacher" in Yauch , Wilbur A, and Other. The Beginning Teacher . Henry Holt , New York.

پاشکۆی ژمارە (1)

(فۆرمی ڕاوەرگری)

وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی

زانکۆی گەرمیان

ب/ کێشەکانی خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان

خوێندکاری بەڕێز/

سڵاوی زانست ...

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بەناونیشانی : (کێشەکانی خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان) هەستاوین بە ئامادەکردنی ئەم فۆرمەی بەردەستتان بۆ زانینی کێشەکانی خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان ، داواکارین لە بەڕێزتان وەك شارەزا و خاوەن ئەزموونێك لە ڕادەی گونجاوی ونەگونجاوی برگەکانی ئەم ڕاوەرگرییە هاوکارمان بن بەدانانی هێمای ( ) لەو خانەیەی بەگونجاوی دەزانن .

هاوکاریتان جێگەی ڕێزە ...

ناو :.......................................

پلەی زانستی :....................................

پسپۆڕی:....................................

زانکۆ:....................................

- تێبینی:لەم توێژینەوەیە پێوەری (لیکرت) سێ بەشێوەی (بەڵێ ،تاڕادەیەك، ،نەخێر) بەکاردەهێنن

توێژەر: م.ی.سامان بهمن حمید

| دووەم/ بواری زانست و زانیاری | | گونجاوە | نەگونجاوە | چاککردنی پێشنیارکراو |
|---|---|---|---|---|
| .1 | سەرچاوەی پشتپێبەستراو بۆ هەر بابەتێك دەستم ناكەوێ بیخوێنمەوە. | | | |
| .2 | چاوەڕوانی نووسینی ئامادەکراوی (مەلزەمە) ی مامۆستا دەکەم. | | | |
| .3 | هەرچەند لە ئەنتەرنێت بەدوای بەڵگەی زانستی بۆ موحازەرات دەگەڕێم بەزمانی کوردی دەستم ناکەوێت . | | | |
| .4 | نەزانینی زمانە بیانیەکانی کێشەی نەخوێندنەوەی بۆ درووست کردووم . | | | |
| .5 | ئاستەنگیەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا ، ئارەزووی بیرکردنەوە لە تەواوکردنی خوێندنی باڵا (ماستەر) لەداهاتوو لا سست کردوم . | | | |

کێشەکانی خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان

| یەکەم/ بواری ئارەزووەکانی فێرخواز | | گونجاوە | نەگونجاوە | چاککردنی پێشنیارکراو |
|---|---|---|---|---|
| .1 | بە خواستی خۆم هاتوومەتە بەشەکەم . | | | |
| .2 | تەنها مەبەستمە قۆناغەکانی زانکۆ تەواو بکەم ، نەك پێشخستنی لایەنی زانستی و پەروەردەیی خۆم . | | | |
| .3 | ڕۆژانە ئاگاداری ڕۆژنامە وپێشکەوتنەکانی پسپۆڕیەکەمم. | | | |
| .4 | کتێبخانەی تایبەتم درووست کردوە لەبواری پسپۆڕیەکەم. | | | |
| .5 | پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی لەسێکتەرێکی دیکە کاردەکەم. | | | |

| سێیەم / شیاویەکانی مامۆستا | | گونجاوە | نەگونجاوە | چاککردنی پێشنیارکراو |
|---|---|---|---|---|
| .6 | مامۆستاکان پسپۆڕی ئەو بابەتە نین کەدەیڵێنەوە .. | | | |
| .7 | مامۆستایان تەنها زانیاری دەبەخشن و مەعریفەمان لا درووست نابێت . | | | |
| .8 | زۆرینەی مامۆستایاخزمایەتی وحزبایەتی وبەرژەوندیخوازن لەگەڵ | | | |
| .9 | خوێندکاران. | | | |
| 10 | مامۆستایان مامەڵەکردنیان لەگەڵ خوێندکاراندا پیشەیی و پەروەردەیی نییە. | | | |

پاشکۆی(2) لیستی شارەزاکان

| ذ | ناو | بڕوانامە | نازناوی زانستی | پسپۆری ورد | ناونیشان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د.حسین اسماعیل علی | دکتۆرا | پ.ی | کۆمەڵناسی | زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە |
| 2 | پگاە علی مردان | دکتۆرا | مامۆستا | دەروونناسی | زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە |
| 3 | کریم مدحت حاتم | ماستەر | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە |
| 4 | کوردستان حمید حمد | ماستەر | مامۆستا | ڕێبازەکانی توێژینەوە | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| 5 | نازدار قدرت عباس | ماستەر | مامۆستا | ڕێنمایی پەروەردە ودەروونی | زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە |
| 6 | کریم احمد عزیز | ماستەر | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە بنەڕەت |
| 7 | سەرحەد محمد سمین | ماستەر | مامۆستا | کۆمەڵناسی | زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |